# مەلا مستەفا یەک ڕستەی تۆمارکراوە

**حەکیم کاکەوەیس**

دەزانم ئەوەی لێرەیدا دەنووسم کەم یا زۆر لە سەرم دەکەوێ و چ یارانی مەلا مستەفا و چ ناحەزانی، لەم بۆچوونەم ڕازی نابن لەبەر ئەوەی یارانی، بۆ ئەو بە کەمی دەزانن و ناحەزانیشی بە زۆری دەزانن، بەڵام من لەو نێوانەدا، بۆچوونی خۆمم هەیە و ئەنجام هەر چییەک بێ و هەرچۆنێک بکەوێتەوە، بە سەرمەوە ئەرکە، بە لای کەمەوە، هەندێک لەو بۆچوونانەی خۆم بڵێم چونکە پێم وایە دوبەییەکانی کوردستان ئێستاش نانی ئەو دەخۆن و کارتی ئەو و ناوی ئەویان کردۆتە پەساپۆرتی سەرەوەی دەوڵەمەندبوون و بە لۆردبوون، جا بە یاران و نەیارانینەوە. بە هیچ شێوەیەکیش نامەوێ هیچ لایەنێک لەو دووە لە بۆچوونەکانم ڕازی بن بە مەرجێ ڕاستیم پێکابێ و ویژدانم ئاسوودە بێ، چونکە ڕەزامەندییان بۆ من دەبێتە نەنگ، وەک فرۆشتنی کەرکووک! خۆ من ئەوەش نیم بۆ نان و پلە و پایە بڵێم من جەلالییەکی مەلایی بووم یا مەلاییەک بووم بە هەڵە کەوتبوومە سەر خەتی ئەنتی مەلا مستەفاوە یا کۆمۆنستێکی ڕێبازی کوردایەتی بووم!!

ئەگەر مەلا مستەفا (پارتی)ی دامەزراندبێ، وەک باوە، یا ئاگای لێ نەبووبێ و لە دوورەوە پلەی سەرۆکایەتی ئەو حیزبەی پێ درابێ، ئەگەر شۆرشی ئەیلوولی هەڵگیرساندبێ یا لێی بێئاگا بووبێ و دواتر بە هۆی بۆردومانی بارزانەوە دەستی دابێتە چەک و بە شاخ کەوتبێ، ئەگەر فەیلوسووف و زمانزان و عالم بووبێ یا نەخوێندەوار، ئەگەر پەیوەندی بە ڕۆژاوای ئەو دەمەی دنیاوە بووبێ یا ڕۆژهەڵات، ئەگەر ڕێکەوتننامەی یانزەی ئازار هەڵە بووبێ یا ڕاست، ئەگەر جەنەراڵ بووبێ یا نەبووبێ، یەکەم کەس بووبێ لە ئاراس پەڕیبێتەوە یا دواکەس، بە مەلە پەڕیبێتەوە یا بە بەلەم یا بە کوڵی خەڵکەوە یا خەڵکی بە کوڵ پەڕاندبێتەوە، ئەگەر بەر لە بڕیاری چەکدانانی ساڵی 1975 بە نەخۆشییەکەی خۆی زانیبێ و لە هەڵوێست وەرگرتندا لاواز بووبێ یا نەیزانیبێ، شەڕی عیراق و ئێران و ئەوجا داگیرکردنی کوێت و لە ئەنجامدا ڕووخانی بەعس، بە هۆی ڕێکەوتننامەی جەزائیرەوە بووبێ کە بووە هۆکاری ئەو چەکدانانەی شۆڕشەکەی مەلا مستەفا یان نا، مەلا مستەفا لە لای من و لەم ڕۆژەدا، بە هەموو مێژووەکەیەوە، تەنها لە یەک ڕستە پێکهاتووە و بەس، ئەوەش ئەمەیە: "کەرکووک یەک کوردیشی تێدا نەمێنێ، هەر کوردستانە". ئیتر ئەو ڕستەیە بووبێتە هۆکار بۆ تێکشکانی شۆڕش یا شتی تر، بۆ من گرنگ نییە و بەو ڕستەیە دڵنیا دەبم کە ئەو زاتە دەستبەرداری کەرکووک نەبووە و کەس ناتوانێ بڵێ مەلا مستەفا کەرکووکی فرۆشت و وەک یانزەی ئازار لە سەری ماڵە. لە دوای ئەوەوە، هیچ کەس و لایەنێکی شۆڕشوان و شاخەوان و پێشکەوتوو و فەیلوسووفی بواری سیاسەت و ڕامبۆکانی دوای ئەو، بە فایلدار و بێفایلیانەوە، نەیانتوانیوە ئەو ڕستەیە بڵێن و بە لای منەوە هەرچی بن و بە هەر ڕێبازێکدا بڕۆن ناتوانن بەو دەروازە ڕووناکەدا بچنە ناو مێژووی کەرکووکەوە کە ئەوی پێدا ڕۆیشت. ئەم ڕستەیە بۆ کوردێکی گەرمیانی وەک من ترۆپکی دڵسۆزییە بۆ خاك و نیشتمان و شەرەفی نەتەوەیی و شەرەفی شەخسیش... دەبوو چاوی لێ بکرێ. لادانی هەر سەرکردەیەک و هەر لایەنێک و هەر حیزبێک، دیارە بە پارتیشەوە، لەو ڕستە و هەڵوێستە بەشی ئەوە دەکا ببێتە هۆکار بۆ ئەوەی هەڵوێستی گەرمیانییەکان بەرانبەریان تا ئاستی بەربەرەکانیکردن ڕەوا بێ و لە دەرەوەی ئەوانەوە کار بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەو ڕستەیە بکرێ. من پشتم بە مەلا مستەفا ئەستوور بووە چونکە زانیومە ئەو خاکەی لە سەری وەستاوم نالەرزێ و نافرۆشرێ و بە هیچ پلە و پایەیەک ناگۆڕدرێتەوە، بە کورسی سەرۆکایەتی کۆمار و وەزارەتی دەریشەوە.

کەرکووک لای مەلا مستەفا خاک بوو، بەڵام ئێستا خەریکە ڕوون دەبێتەوە کە کەرکووک لە حیسابی سیاسەتمەدارانی ئەمڕۆی کوردستاندا، تەنها فەردە پارە و

بەرمیلە نەوتە بۆیە ئاساییە بە فەردە پارە و بەرمیلە نەوت بیفرۆشن یا بیگۆڕنەوە. لێرە و لەوێی ڕاگەیاندنەکاندا ئەوە دەدرکێنن کە پێی ناوێ جەنابیان بە هۆی کەرکووکەوە جارێکی تر وەزعی شاهانەی خۆیان تێکبدەن و لەوە بێخەبەرن دەستبەردان لە کەرکووک ترۆپکی خیانەتە و پێچەوانەی ئەو هەڵوێستەی مەلا مستەفایە. چاو دەپرمە ناو چاوی سیاسەتمەدارانی ئەمڕۆی کورد، بە مۆدێرن و کۆنەخواز و ئیسلامی و ئەنتی ئیسلامییە ماتریالستەکانیانەوە و تەحەددایان دەکەم بتوانن هێندەی مەلا مستەفا بەرز بن و بتوانن بە ئاشکرا و بێ پێچوپەنا ئەو ڕستەیە بڵێنەوە!

بەڵام کەسێ مەلا مستەفا دەستخەڕۆ بکا بۆچی دروشم و ئامانجەکانی دەستخەڕۆ ناکا؟!

بە هۆی قاتبوونی سەرکردەیەکی دڵسۆزی خاکی گەرمیانەوە، کار گەیشتۆتە ئەوەی بەرەی ناوچە و عەشرەت و خێڵ بە چڕی بکەونە کار و کەس بە کەس ڕازی نەبێ، دەنا کەی گرنگ بوو مەلا مستەفای خاوەنی ئەو ڕستەیە سەر بە چ عەشرەتێکە و خەڵکی کام دەڤەر و ناوچەیە. ئەو، لە کەرکووکییەکان بۆ کەرکووک دڵسۆزتر بوو بەڵام ئەمڕۆ کەرکووکییەکانیش بە هۆی بێهیواییەوە لە سەرانی کورد خاکی خۆیان بە عارەب دەفرۆشن. شتی وا لە سەردەمی مەلا مستەفادا مەحاڵ بوو و هەرچی ئەو دەمە مەحاڵ بوو ئێستا ئاساییە تا ئەوەی جاشایەتی و پێشمەرگایەتیش واتای ڕاستەقینەی خۆیانیان لە دەست داوە و ڕەنگە لە ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا و بۆ گەرمیانییەکان، جاشەیەتی لە باشایەتی و پێشمەرگایەتی شەرەفمەندانەتر بێ، چونکە جاشایەتی واتای ئەوەی هەبوو و هەیە مرۆڤی کورد دژی ڕەوتی سەرفرازی نەتەوەکەی خۆی کار بکا و کێ ئەوەندەی دەسەڵاتی ئەمڕۆی کورد دژی چارەنووسی نەتەوەی کورد کاری کردووە؟ ئەوەی مەلا مستەفا دەیویست تێکی بدا، ئەمان گردی دەکەنەوە و ئەوەی ئەو دەیویست وێرانی بکا ئەمان ئاوەدانی دەکەنەوە.

قسەم بە هەر یەکێ لەو کوردانەی کەرکووک گوتبێ کە خۆیان کردە عارەب تا کەرکووک جێ نەهێڵن، داوای لێبوردنی لێ دەکەم، چونکە ئەوان کەرامەتیان لەوانە پارێزراوتر بوو کە نەبوونە عارەب و کەرکووکیان جێهێشت و چوونە ناوچەکانی تری کوردستان. ئەوانەی کەرکووکیان جێهێشت، لە ئەنجامدا یا گەڕانەوە مەلعەبەکە یا بوونە دۆم و قەرەج یا بوون بە میسری. ئێستا من خۆم ئامادەم بۆ ئەوەی کەرکووک جێنەهێڵم، ببم بە سەگ... ببم بە بۆیاغچی پێڵاوی هەر سەرسەرییەک کە ڕێم بدا لە کەرکووک بمێنمەوە! خۆ خەبات و کوردایەتی و پێشمەرگایەتی دەستبەردان نین لە کەرکووک، قوربان!

لە کۆتاییدا دەڵێم: وای بۆ مەردێکی سەرەتای ئەم سەدەیە بتوانێ ئەو ڕستەیە بڵێتەوە:

کەرکووک یەک کوردیشی تێدا نەمێنێ، هەر کوردستانە! تۆ بڵێی مەرد قات بێ؟! بەڵام ئەو پیرۆزییەی کاتی خۆی بە مەلا مستەفا دەدرا، ئێستا بە دۆلار و نەوت و چەند کورسییەکی لەقولۆقی بەغدا دەدرێ...

18.01.2011